## بنەمای سێیەم: قەدەغەکردن لە سەر بە ئاگاو شارەزا، وەك قەدەغەکردن نیە لە سەر بێ ئاگاو نەشارەزا {الانکار علی العالم لیس کالانکار علی الجاهل}.

یەکێکی تر لە بنەماو بنچینەکانی فەرمان بەچاکەو قەدەغەی خراپە ئەوەیە: ئینکاری کردن لە سەر شارەزاو تێگەیشتوو یان کەسێك کە زاناو ئاگادار بێت، وەك ئینکاری وقەدەغەکردنی کەسێك نییە کە سەرەتا بێت و نزیکی تاوان و خراپە بێت و دەروونی لاوازبێت.

ئایا ئەگەر یەکێك لە هاوەڵە گەورەو بە هێزەکان لە ئیمان و خواناسیاند خوا لێیان ڕازی بێت بهاتایە و حاشا لەوان میزی لە مزگەوتا بکردایە چۆن ئینکاری لێ ئەکراو سەرزەنشت ئەکرا ؟ بێ گومان بە شێوەیەکی توندوتیژ ئینکار ئەکراو سەرزەنشت ئەکرا، چونکە کارێکی لەو شێوەیە هەرگیز لەوانە ناوەشێتەوە کە هەڵبژاردەی هاوەڵەکان بوون و چێژی باوەڕی ڕاستەقینەیان چەشتبوو، کەواتە ئینکار کردنەکە لە سەریان زۆرتوندو تیژتر دەبوو وەك یەکێکی سەرەتای نەشارەزا، لە ژیانی پێغەمبەردا (صلی‌الله علیه وسلم) لەم جۆرە ڕووداوانە ڕویانداوە، وەکو سەرزەنشت و ئینکاری کردنی پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) بۆ ئەو قسەیەی کە ئەبو زەر بە بیلای حەبەشی گوت خوا لێیان ڕازیبێ: ئەی کوڕی دایك ڕەش ، پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) زۆر بە توندی سەرزەنشتی ئەبو زەری کردو پێی فەرموو : تۆ کەسێکی هێشتا نەفامیت تێدا ماوە. جا ئەمە ئینکاریەکی بەهێزو توندە لە پێغەمبەرەوە بۆ ئەبو زەر، چونکە ئەو نەفامیەی کە ئەبو زەر لێی ڕاری کردو ناڕەحەتی و ئیش ژانی چەشت و هات بۆ مەککەو ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کرد، بە شێوەك کە وەك خۆی دەڵێ ئەوەندەیان لێداو ئازاریان دا لە سەر موسڵمانبوونی وەك خۆی دەڵێ:{ وەك بتێکی لێ هاتبوو کە ئاژەڵێکیان بەسەردا سەربڕیبێ } ئە خوێنی لێ ئەچۆڕا، ئەوەش هەمووی لەپێناوی خوای گەورەداو ڕاکردن بوو لەو نەفامیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) پێی ئەفەرموێت: {ئەی ئەبو زەر تۆ کەسێك نەفامیت تێدایە}، جا هۆی چییە پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) بەم شێوە توندە ئاگاداری ئەکاتەوەو ئینکاری ئەو قسەیەی ئەکات؟ چونکە خاوەنی ئەو قسەیە کەسێك نییە کە شارەزای نەفامی نەبوبێت و لە نەزانیەوە ئەم قسەیەی کردبێ، بەڵکوو کەسێکە کە بە تەواوی حەق و ڕاستی بۆ ڕۆشن بۆتەوەو چڵك و پیسی نەفامیش باش ئاگادارە، هەروەك چۆن مرۆڤ لە ئاگر یان لە شێر ڕادەکات ئاوەها لە نەفامی ڕایکردووە، جا لێرەوە ئەو فەرموودە توندەی پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) بەو هاوەڵە بەڕێزە بۆ ئەوە بووە جارێکی تر ئەو کارە دووبارە نەبێتەوەو تاکو بزانێت کە بەو شێوەیە لێی قبووڵ، قەبووڵ ناکرێت و پێویستە زوو پەشیمان بێتەوە و نەرم و نیانی تێدا نییە.

بەڵام کاتێك دەشتەکیەك کە ئاگای لە هیچ نییەو شارەزا نییە لە فەرمانە شەرعیەکان ، دێت و لە لایەکی مزگەوتەوە میز ئەکات، لەو کاتەدا پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) ڕێمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە و ئاگادارمان ئەکاتەوە کە لە کاتێکی واداو لەگەڵ کەسانێکی بەو جۆرە چۆن هەڵس و کەوت بکەین، ئاگاداری کردوینەوە کە فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە لەم کاتانەدا چۆن دەبێت، ئینکاری و قەدەغەکردنی کەسێکی نەشارەزاو تازە جیاوازە لەگەڵ کەسێك کە ئاگادار بێت و شارەزا بێت، ئەوەی کە ئاگادارنیەو نازانێ دەبێت ئێمە دڵنەوایی بکەین و بە نەرم و نیان بین لەگەڵیداو بە حیکمەت و دانایی و لە سەر خۆییەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەین.

### نموونەیەکی ڕوونکردنەوەیی بۆ ئەم بنەمایە.

لە چیرۆکی ئەم دەشتەکیەدا دوو بنەمای بە سوودمان دەست ئەکەوێت:

بنـەمـای یـەکـەم: ئـەگـەر لـە یـەك کاتـدا دوو کـاری خـراپ هـەبـوون، ئـەوا کـەمـترین و هێواشـترین خراپەیان ئەگرینەخۆو تەحەمولی ئەکەین، لەپێناو لادان و نەهێشتین ئەوی تریاندا.
بنـەمای دووەم: ئینکاری و قەدەغەکردن لـەسەرمرۆڤی بـێ ئاگـاو نـەشـارەزا وەك ئینکـاری نییـە لـە سەر کەسێك کە شارەزاو فامیدەو تێ گەیشتووبێت.

ئـەگـەر پێغـەمبـەر (صلیاللـه علیـه وسلم) هاوەڵـەکانـی دوور نـەخستایـەتـەوەو لاینـەدانایـە کاتێك کـە هـەڵیانکوتایـە سـەر ئـەو دەشـتـەکیـەی کـە میـزەکـەی کـرد لـە مزگـەوتـدا، ئـەوا میـز بـە هـەمـوو مزگەوتەکەدا بڵاو دەبۆوەو لە ئەنجامی ڕاچڵەکین و ڕاکردنـی دەشتەکیەکە لە ترسی هـاوەڵـەکـان، بـەڵکوو میزەکە بـەر جل و بـەرگـەکانیشی ئـەکـەوت و لـەوانـەبـوو جـارێکی تـر نـەهاتایـەتـەوە بـە مزگەوتا و باوەڕی نەهێنایە.
کەواتە ئێمە تەحەمولی خراپەك ئەکەین بۆ لادان ونەهێشتنی خراپەکی لەو گەورەتر.

شتێکی دیکەش، ئـەم کەسەی کە ئەوکارەی کردووە نەفام تێ نـەگـەیشتووە، وە ئێمـە پێویستـە کـە نـەرم ونیان و دڵفراوان بین لـەگـەڵیاندا، هـەروەك چۆن پێغـەمبـەر (صلیاللـه علیـه وسلـم) قـەدەغـەی کـردو نـەیهێشت کـە هـاوەڵـەکـانـی لێـی بـدەن، وە فـەرمـانـی پـێ دان کـە کـارە خراپـەکـە بگۆڕن و لاببـەرن، بەوەی کە جامێك ئاو بێنن و بیکەن بە شوێنی میزەکەدا.
جا ئێستـە کە پیسیـەکـەمان لابراو پاشماوەکەی نـەهێڵـرا، ئـەوە مـاوەتـەوە کـە ئـەوەی لـە دڵـی ئـەم کەسەشدا دروست بووە لاببـەرین و نـەیهێڵـین، وە پێغـەمبـەر (صلیاللـە علیـە وسلـم) بـە جـوانترین شێوەو زۆر بە نـەرم و نیانی و لـە سەرخۆیی دڵی ئەو دەشتـەکیـەشی گۆڕی، هـەروەك کە مـەعاویـەی کوڕی حـەکـەمی سـەلـەمی دەفـەرموێت، کە دەشتـەکیـەکە وتـی: { سوێند بـە خـوا، نـە ڕقـی لـێم هـەڵسا وە نـە بێزاریش بـوو لـێم، بـاوك و دایکم بـە قوربـانـی بێت نـە لـەپێش ئـەودا وە نـە لـە دوای ئـەو مامۆستایەکی وەك ئـەوم نـەبینی (صلیاللـە علیـە وسلـم) } هیچ مامۆستـا و فێرکـەرێك نیـە دڵنـەرمـتـر بێ و کاردروست تر بێت لە پێغـەمبـەری خـوا (صلیاللـە علیـە وسلـم)، جا کاتێك کـە ئـەم دەشتـەکیـە ئەم دڵنـەرمـی و بـەزەییـەی پێغـەمبـەری خـوای بینـی، لـەکاتێکدا کـە وا گومـانـی ئـەبـرد لـە تونـدوو تیژترین کـەس بێت _ گومان لـەوەدا نییـە کە پێغـەمبـەری خـوا (صلیاللـە علیـە وسلـم) پارێزگـارترین کەس بووە بۆ ماڵی خوا، بەهێزترین کەس بووە لـە سەر حـەق و ڕاستـی، بـەڵام بـەراوردی ئـەکـرد لـە نێوان خراپەکان وچاکەکاندا_ جا کە ئـەم بـەزەیی وهێمنی و لێبوردەییـەی بینـی لـەپێغـەمبـەری خۆا وتـی:{ خوایە بـەزەییت بـە من و موحـەممەدا بێتەوەو ڕەحم بـە کـەسی دیکـە مەکـە لـەگـەڵماندا} .

جا بۆیـە ئـەو نزایـەی کرد چونکـە تاکو ئـەوکاتـەش دڵـی ڕق و بێزاریی تێدا مابوو بـەرامبـەر بـەوانـەی ویستیـان هـەڵکوتنـەسـەری و سـەرزەنشتـی بکـەن و بـە شێوەیـەی کـەسێکی نـادروست خستیانـە پێش چاو، جا دوعای کردو پاڕایەوە لـە خوا کـە ڕەحـم بـە خـۆی و بـە پێغـەمبـەر (صلیاللـە علیـە وسلـم) بکات، کە ئـەمـە دوعایـەکی دروستـە، پێویـستـە کـە هـەمومـان خۆشـەویستی پێغـەمبـەرمـان لـە دڵـدا بێت، پێویستـە کە ئێمـە دڵـی خـەڵکی وشك نـەکـەینـەوە بـەرامبـەر بـە خۆمان ، ئـەگـەر کـەسێك نـەفـام بێ ئاگای بـوو ئـەوە دڵنـەرم ئـەبین لـەگـەڵیدا و فێری ئـەکـەین و بۆی ڕوون ئـەکـەینـەوە.

هـەروەها وەك لـە ژیانـی حـەسـەن و حوسـەین ڕەحمـەتـی خوایان لـێ بێت هاتووە کە کاتێك ئـەچـن بـۆ مزگـەوت ئـەبینن وا پیاوێکی بـە تـەمـەن خـەرکـی دەستنوێژ گرتنـە، بـەڵام دەستنوێژەکـەی دروست نییەو هەڵەو ناتەواوە، ئـەمانیش بیر ئـەکەنـەوە بـە چ شێوەیـەك ئاگاداری بکـەن و فێری دەستنوێژی بکـەن بـە دروستـی، جا دێنـە پێشەوەو پێی ئـەڵێن: یا شێخ! ئێمـە دوو منـاڵـی بچـوکین و جیاوازیمـان هـەیـە لـەوەی کە دەستنوێژی کاممان دروستـە، هـەر یـەکـەمـان بـاوەڕمـان وایـە کـە دەستنوێژەکـەی خـۆی دروستـە، جـا تـۆ سـەیرمـان بکـەو ببـە بـە دادوەر لـە نێوانمانـداو بزانـە دەستنوێژی کاممـان دروست و بـەجێیـە، یـەکـەمیـان دەستنوێژی گـرت هـەروەك چۆن پێغـەمبـەر (صلیاللـە علیـە وسلـم)

دەستنوێژی گرتووە دووەمیشیان هەر بە هەمان شێوەی ئەو، پاشان پێیان وت: دەی فەرمووو جەنابت دادوەربە، دەستنوێژی کاممان ڕەوایە؟ پیاوەکە وتی: بەڵێ لە ڕاستیدا دەستنوێژی هەردوکتان دروستەو لە سەر سوننەتە، بەڵام دەستنوێژەکەی من دروست نییەو ناتەواوە، جا بەم شێوازە جوان و لە سەر خۆیەوە ئەو دوو گەنجە توانیان هەڵەی ئەو پیاوە بە تەمەنە پیشان خۆی بدەن و پێشی ڕاست بکەنەوە بێ ئەوەی هیچ گرفت و دڵگرانی و کێشەیەك بێتە پێش.

کەواتە ئەگەر توانیمان  مرۆڤێك بە لەکە و ناتەواویەکانی خۆی ئاگادار بکەین، واتە بە هۆی خۆیەوە، ئەوە شتێکی باشەو توانیومانە کە دڵی ڕاکێشین و حەق و ڕاستیی پێ شارەزا بکەین و وزیاتر بە ئایینی خوای گەورە ئاشنا دەبێت